# جۆن ستیوارت میل فەیلەسوفی

*لەئەخلاقدا خێرو چاکەیەك هەیە، کەهەندێك جار لەئاینیشدا نییە.

فەلەسەفە لەسەردەمی نوێدا وەك چۆن لەسەدەکانی کۆن و ناوەراستیشدا وابوو، مەسەلەی «ئازادی» بە یەکێك لەمەسەلە گرنگەکانی خۆی دەزانێت و لەم بارەوە قسەی خۆی لەسەری هەبووە، رەنگە بیرۆکەی ئازادی ئەدەب و ئازادی سیاسی چەند جار و چەندبارە لەفەلسەفەیان خواست بێت، وە مەسەلەی ئازادی مەسەلەیەکی بنەرەتیە لەدۆزەکانی فکری مرۆییدا، هەر ئەمەش وایکردوە «هیگل» گفتوگۆیەکی چرو پری لەبارەوە بکات.

لەهەوڵێکدا بۆ دانانی بیبلۆگرافیایەکی رێکخراو بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ئازادییەوە کراون بەشی فەلسەفەی ئەکادیمیای زانستە فکریەکان لەدردسن لەئەڵمانیا زنجیرەیەك کۆری سازکرد، لەو کۆرانەدا گفتوگۆی ئازادی کرا لەرووی پێکهاتەی زاراوەییەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو بۆ یەکەمجار لەئەکادیمیایەکی ئەڵمانیدا گفتوگۆی ئازادی کرا لای فەیلەسوفە بەرژەوەندیگەراکان، لەسەروی هەموو ویانەوە «جۆن ستیوارت میل» دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە.

لەکتێبەکەیدا «لەبارەی ئازادییەوە» میل پێیوایە ئازادی فکر و ئازادی کار، بەنرخترین شتێکن حکومەت بیداتە هاوولاتیەکانی، تاك یان هەر کۆمەڵێك ئەو مافەی نییە ئاستەنگی ئازادی مرۆڤ بکات، میل پێیوایە ئەوەی پەیوەستە بەرەفتاری تاکەوە سنورێکی حەرامکراوە لەئازادی مرۆڤ و لەمانەدا بەرجەستە دەبێت:

ئازادی ویژدان وهەرچییەك پەیوەندی بەویژدانەوە هەیەلەئازادی فکری و بیروباوەر و گفتوگۆو رادەربرین بەهەموو مانا فراوانەکانییەوە دەگرێتەوە.

١- ئازادی تاك لەهەڵبژاردنی ئەوەی لەگەڵ زەوق و میزاج و بارودۆخی ژیانی دەگونجێت لەوەی پێی خۆشەو لەوەی پێی رەزامەندە، مادەم کەسانی تر ناخاتە ئازارەوەو سەرئێشەیان بۆ دروست ناکات.

٢-ئازادی کۆمەڵایەتی بۆ پێگەیشتوان بە بێ زۆرلێکردن و بۆ هەرمەبەستێك بێت، بەمەرجێك زیانی بۆ ئازادییەکانی کەسانی تر نەبێت.

ئازادی تاك لەبنەرەتدا لەو هەولانەوە سەرچاوەیگرتوە، کەتاکەکان دەیدەن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بەو جۆرەی کەدەیانەوێت بەشێوەیەك ئازاری کەسانی تر نەدات، میل جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هیچ حکومەتێك مافی ئەوەی نییە تەنها مرۆڤێك لاڵ بکات و رێی ئەوەی لێبگرێت بۆچونی خۆی دەرببرێت، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونی کۆمەڵگەش بێت» میل وای بۆدەچێت کۆدەنگی بەڵگە نییە لەسەر پێکان و راستێتی و کەم دەنگیش بەڵگە نییە لەسەرنەپێکان و هەڵە» مەبەستی میل لەمەدا ئەوەیە کەبێ بەشکردنی تاك لەدەربرینی بۆچونەکانی زیان بەخشە بۆ خەڵکی، تەنانەت بۆ مرۆڤایەتیش، میل بەردەوام دەبێت لەخستنەرووی تێروانینەکەی دەڵێت:»هیچ بیرمەندێك ناتوانێت داهێنان بکات، ئەگەر لەفکرەوە دەست پێنەکات، ئازادی فکری هێزوتوانا وبینایی زیهنی دەبەخشێتە توێژە مامناوەندییەکان و شۆرش بەسەر وەستاوی و مەنگیدا بەرپادەکات و کلیلی پێشکەوتن دروست دەکات.

میل رەخنە لەدیموکراتیەت دەگرێت وپێیوایە زاڵبوونی زۆرینەیە بەسەر ئازدای کەمینەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو کەمینەیەش تەنها کەسێك بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئازادی لای میل پێویستی بەبوونی ئۆپۆزسیۆن و